# ویران کردنی عیراق

وەرگیرانی لە فەرەنسیەوە  هۆشیار قادر

لیکۆلینەوەی ٢٠٠٤ ی پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەسەندن لەسەر هەل و مەرجی ژیانی زۆربەی عیراقی یەکان.

لە ٢٣% ئەو مندالانەی کە تەمەنیان لە ٦ مانگەوە بۆ ٥ سال دەبیت دوچاری بەدخۆراکی موزمن بوون لە ١٢% یان دوچاری بەدخۆراکی گشتی بوون ، لە ٨% یان دوچاری بەخۆراکی زۆر خراپ بوون . مندالانی کەمتر لە ١٥ سال لە ٣٩% دانیشتوانی عیراق پیک دەهینن ، کە لە ژیر شەرو گەمارۆی ئابوری دا پەروەردە بوون .

جاران سیستەمی تەندروستی عیراقی بە یەکیک لە باشترین سیستەمەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست دەژمیردرا ، بەلام ئیستا بەتەواوی شیواوە:
کەمی کارمەندی تەندروستی : لە دکتۆرو سستەرو.........هتد ، کەمی داوو دەرمان ، جیهازەکان کار ناکەن ، نەخۆشخانەکان و سەنتەرە تەندروستیەکان ویران کراون .
وەزیری تەندروستی عیراق لە سالی ٢٠٠٤ دا داوای ٢ ملیارد دۆلاری لە وولاتە یەکگرتووکان کرد، بەلام تەنها ٩٥٠ ملیۆنی بە دەست هینا .

لە ماوەی ١٥ سالی رابوردودا مردنی مندالان هەمیشە لە زیاد بوون دا بووە ، ئەو ژنانەی کە لە کاتی مندال بوون دا دەمرن نسبەتیان ٩٣ ئافرەتن لە هەر ١٠٠٠٠٠ ئافرەت ، ئەم نسبەتە بەرزترە لە وولاتانی ئوردن و عەرەبی سعودی .

بی بەش بوونی خەتەرناکی ژیانی رۆژانەی خەلک لە کارەباو ئاوی خواردنەوە ، لە شارەکانی خوواروی عیراق دا لە ٥١% دانیشتووان لە سەر ئاوی باران دەژین ،بەلام تەنها لە ٥٤% مالان ئاوی خواردنەوەیان پی دەگات بە شیوەیەکی هەمیشەیی .

عیراقی یەکان لە ٩٨% یان خەتی کارەبایان راکیشاوە ، بەلام لە ٧٤% یان بە شیوەی خراپ و ناجیگیر وکاتی کارەبایان پی دەگات ، بۆ پرکردنەوەی ئەم پیویستییەیان پەنا دەبەنە بەر موولیدە هاوبەشەکان بۆ چەند مالیک .

ئەم راپۆرتە وەرگیراوە لە ژمارە ١٣ ی مانگی ٦ی ٢٠٠٥ی رۆژنامەی [ دەرفەد]ی ریکخراوی چەپی سویسری[ بزوتنەوە لە پیناوی سۆسیالیزمدا]